# دوو ڕوخساری یەک پەیامبەر

سەلام محەمەد
(سوێد)

**ڕوخساری یەکەم**

ئەگەر هەڵەیەک بکەم
کاتێ شەو سەر ئەنێمە سەر سەرین
تا درەنگانێ هەر دەتلێمەوە
پەیامبەرەکەی ناوەوەم
شمشێرم لێدەردەهێنێ،
هەڕەشەی مل پەڕاندنم لێدەکات
بیر لەو چرکەیە دەکەمەوە کە ملم دەقرتێ
چۆن تەزوویەکی سارد بە لەشمدا تێدەپەڕێ و
پاتری ژیانم لەکار دەکەوێ
ئەو پەیامبەرە
شەوانی ئاسایی جلوبەرگی سپی لەبەردایە
بەڵام کە درۆیەک دەکەم، هەرچەندە بچکۆلەش بێت
ئەو دەبێتە لافاوێکی شێت و
بە کەواو سەڵتەیەکی ڕەشەوە
بەرانبەرم ڕادەوەستێ
بۆنی خوێنی گەردن و ملی خۆم دەکەم
کۆڵان بە کۆڵان
بە شمشێرێکی ڕەشەوە دوام دەکەوێ و ڕاوم دەنێ
یەکپارچە بوونم دەکاتە هەڵمی ترس و بیم
تەنیا لەبەر درۆیەکی بچووک
دەمداتە بەر مەنجەنیقی ئاگر
ئەرێ ئەوانەی
ڕۆژانە بە تەن درۆ دەکەن و
بە تەن دزی دەکەن و
خۆشەویستی دەکوژن
هیچ پەیامبەرێک لە ناخیاندا ناژیت؟
هەیە وەکو ئەژدیهایەک، حەوت سەری پێوەیە
هەر سەرێک و بە زمانێک دەپەیڤێ
حەوت هەڵوێستی دژ بەیەکی هەیە و
لە تەک حەوت کەسی جیاوازدا
پەیمانی دۆستایەتی مۆر دەکات
ئەدی پەیامبەرەکەی ناخی ئەو خاوەن حەوت سەرانە

خەوی لێکەوتووە یان کەڕ و لاڵ و کوێرە
* * *
جار جار لەسەر درۆیەکی بچووک
پەیامبەرەکەی ناوەوەم
لێم دەبێتە عفریت و دەمفڕێنێ
بۆ یەکێک لە شارە جادوولێکراوەکانی
هەزار و یەک شەوە
کە هەموو دانیشتووانی بەر نەفرەت کەوتوون و
بوونەتە بەرد
منیش دەبم بە بەرد
تا بەیانی هەست بە ڕەقوتەقی خۆم دەکەم
بمبەخشە ئەی پەیامبەرەکەم
ئەوە تەقینەوەی ژانە
لە بەردەوە دەمکاتە زیندەوەرێکی خورافی
تا ڕادەی سڕبوون و مەیینی دەمارەکانی هۆش
پایتەختی ئەقڵی خۆم وێران دەکەم و دەکەومە ناو
گەرداوەکانی دەریای بێ سنوور و بێ پایتەختی نائەقڵەوە
لە جەنگی سێیەمی جیهانیدا دەژیم
ئەگەر جار جاریش نائەیەکی شیعریم لێوە بێت
تەنیا بۆ دڵدانەوەی خۆمە
ئەگینا جەنگ و سیاسەت
هەرگیز لە زمانی شیعر تێناگەن
بمبەخشە ئەی پەیامبەرەکەم
ئەقڵی خۆم دەبەمە دوورگە دوورەکانی عەدەم
کێ ئەقڵی دیوە و کێ دەزانێ
ئەقڵ پارچەیەکە لە ڕوح یان بە پێچەوانەوە؟
یان هەردووکیان دوو دیوی یەک دراون
لە کارگە ئاسمانییەکانی خوداوە
بۆ ئینسان هاتوون؟

**ڕوخساری دووەم**

نەغمەیەکی غەریب
هاتۆتە دڵمەوە
نازانم، نۆتەیەکە لە سیمفۆنیایەکی خودایی
بۆ چەند ڕۆژ و هەفتەیەک ونبووە و
بە ناشارەزایی ڕێگای کەوتۆتە شاری دڵم
یان نیازی وایە تا دەمرم
ژوورێکی بەکرێ بدەمێ
تیایدا هەمیشە بزرنگێتەوە و بدرەوشێتەوە و
خوڕەمی تاقگەی ئاوازی لێ بباری
من ئامادەم
ڕازاوەترین و خۆشترین ژووری ئۆرکسترای ئەو دڵە مەستەمی
بە خۆڕایی بدەمێ و لە بری کرێ
مانگانە ئاهەنگی کۆنسێرتی بۆ ساز بکەم
ئەو نەغمەیە
سەرچاوەکەی، لە بەهەشتەوە هەڵقوڵاوە
بەردەوام پڕیشک و پڕشنگی
دەنگە غەیبییەکەی شەپۆل دەدات
بە پەیامبەرەکەم دەڵێم:
جوانە پۆشاکە سپییەکەت زۆر جوانە
تکایە ئەی پەیامبەرەکەم هەمیشە پۆشاکی سپی بپۆشە
با لە ناو تیشکی پیرۆزی
ئەم نەغمەیەدا بخنکێم و نوقمی خەونەکانی ڕامبۆ بم
ئەوەتانێ، ئەوەندە ئارام و ڕووناکم
جووتێ باڵی تریفەییم لێ ڕوواوە و
بەردەوام لە هەڵفڕیندام
نەک هەر تاریکایی زەوی
تەمە شووشەییەکانی گەردوونیش ڕەویونەتەوە
چوومەتەوە ئەو ڕۆژگارەی
کە ماڵمان لە ڕەحیماوە بوو
هەموومان لەژێر کڵاوڕۆژنەکانی
دارمێوی حەوشەکەدا
دادەنیشتین و
بۆن و بەرامەی چایەکەی دایکم،
کولێرە گەرمەکەی جەوهەری نانەوا،
ماستە قەیماخدارەکەی مەلا مەحموود و
ڕادیۆ گەورەکەی باوکم
پێشوازی ڕۆژێکی تازەیان لێ دەکردین

**ڤیستەرۆس – سوید**
**٢٠١٠/١/٩**